# بــەشی دووەم

## فوتسالْ (تۆپی پیْ ی بچوککراوە) Futsal

### پێشەکی :

تۆپی پێی بچوککراوە ( پێنجانە یان فوتسالْ ) ماوەیەکی زۆرە ئەم یاریە ئە نجام دەدرێت ، هاتنە کایەی ئەم یاریە دەگەرێتەوە بۆ سالەکانی ( ١٩٣٠ ) لە ولاتی ئۆرگوای ، لەم سالەدا جامی جیهانی لە شاری مۆنتیڤدیۆی پایتەختی ئۆرگوای سازکرا ، ئەم یاریە لە یاری تۆپی پیْ وە هەلقولاوە ، لە کۆتایی هەشتاکاندا گرنگیەکی تایبەتی پێدراوە بە تایبەتی لە رووی زیاد بوونی جەماوەرەوە ، لەبەر ئەوەی لەم یاریەدا چەندین جموجوْلی هونەری جوان و تاکی ( مهارات فردی و تکنیکی ) بەدیاردەکەوێت سەرای پێویست بوونی کۆششێکی جەستەیی و تاکتیکی . وە ئەرکەکانی هێرشبردن یەکسانە بە ئەرکەکانی بەرگریکردن واتا بەرپرسیاریەتی بەرگریکردن و هێرشبردن دەکەوێتە ئەستۆی گشت کە هۆکارێکی گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی لایەنی دەروونی و گیانی تێکۆشان ، هەروەها ئەم یاریە پێویستی بە توانایەکی جەستەیی بەرز هەیە بە پێچەوانەی بۆچوونی ئەوانەی کە دەڵێن یاریگا بچووکە و پێویستی بە تواناى جەستەیی نیە ، لەبەر ئەوەی یاریزانەکان لە جوڵەی بەردەوامدان چ لە رووی هێرشبردنەوە یان گەرانەوەیان بۆ بەرگریکردن لەگەڵ پالە پەستۆ خستنە سەر ئەو یاریزانەی تۆپی لایە لەگەڵ چاودێری کردنی یاریزانەکانی دیکە کە ئەمەش پێویستی بە هێز و ووزەیەکی زۆر هەیە ، لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم یاریە :-

١- گرانی نرخی پلیت بۆ سەیرکردنی یاری تۆپی پیْ لە هەندێك ولاتدا .

٢- جیْ بەجیکردنی چەند راهێنانی تۆپی پیْ لە یاریگای بچووك پاشان لە راهێنان گۆرا بۆ یاریکردن .

٣- ئاسانی جیْ بەجێکردنی خولەکان و لە ئجامدانی ئەم یاریە لەبەرئەوەی پێویستی بە شوێنێکی بچووك هەیە .

٤- لە زۆر لە ولاتان چەندین یاریزانی بەهرەدار ئاشکرابوون بە هۆی یاری فوتسالْ تۆپی پیْ بچوککراوە ) بۆیە بووە هۆکارێك بۆ گرنگی دانی زیاتر بەم جۆرە یاریە .

دوای ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەم جۆرە بەرەو پێشچوو بۆیە چەند پالەوانیەتیەکی لەسەر ئاستی جیهان بۆ ساز دەکرێت فیفا ئیستا زۆر گرنگی بە بلاوبوونەوەی ئەم یاریە دەدات لە ولاتاندا یاسای تایبەت بەم یارییە سالانە چاپ دەکرێت . ئیمەش زۆر بە گرنگمان زانی یاسای ئەم یارییە وەربگێرینە سەر زمانی کوردی لەبەر ئەوەی ئەمرۆ قوتا بخانەکانی ئیمە تەنها شوێنی یاریگای فوتسالی تێدا دەبینێتەوە بۆیە ئیمەش پێش گشت دەزگایەك دەبێت یاسای ئەم یارییە جیْ بەجیْ بکەین بۆ ئەوەی رەنگدانەوەی لە ژیانی رۆژانەی قوتابیە جگەر گۆشەکا نماندا هەبێت .

❖ ئەو پالەوانیەتیانەی کەوا لەسەر ئاستی جیهانی ئە نجامدراون ،لەگەڵ ئاماژە کردن بە شوێن و سالی بەرێوە چوونیان :-

| | | |
|---|---|---|
| ١- هۆلەندا ١٩٨٩ | ٢- هۆنگ کۆنگ ١٩٩٢ | ٣- ئیسپانیا ١٩٩٦ |
| پلەی یەکەم / بەرازیل | پلەی یەکەم / بەرازیل | پلەی یەکەم / بەرازیل |
| پلەی دووەم / هۆلەندا | پلەی دووەم / ئەمریکا | پلەی دووەم /ئیسپانیا |
| ٤- گواتیمالا | ٥- تایوان ٢٠٠٤ | ٦- بەرازیل ٢٠٠٨ |
| پلەی یەکەم / ئیسپانیا | پلەی یەکەم / ئیسپانیا | پلەی یەکەم / بەرازیل |
| پلەی دووەم / بەرازیل | پلەی دووەم / ئیتالیا | پلەی دووەم / ئیسپانیا |

# فوتسال

# Futsal

## یاساکانی تۆپی پێ ی پێنج یاریزانی(فوتسال) Futsal Laws of the Game

### یاسای یەکەم/ یاریگا : The PITCH

پێویستە یاریگا لاکێشەیی بێت ، دەبێت درێژیەکەی لە پانییەکەی زیاتر بێت.

### ١- دووریەکان(الابعاد ) : Dimensions

درێژی/ لە (٢٥) مەتر کەمتر نەبێت وەلە (٤٢) مەتر زیاتر نەبێت.

پانی/ لە (١٦) مەتر کەمتر نەبێت وە لە (٢٥) مەتر زیاتر نەبێت.

**لە یارییەکانی نێو دەوڵەتی: international matches**

درێژی/ لە (٣٨) مەتر کەمتر نەبێت لە (٤٢) مەتر زیاتر نەبێت.

پانی/ لە (٢٠) مەتر کەمتر نەبێت لە (٢٥) مەتر زیاتر نەبێت.

### ٢- هێلکاری یاریگا: Pitch markings


پێویستە یاریگا بە هێڵی دیارو بەرچاو دیاری بکرێت،بە دوو هێڵە درێژەکە دەڵێن هێڵەکانی بەرکەوتن (التماس) وە بە دووهێڵە کورتەکەش دەڵێن هێڵەکانی گۆڵ (**خطوط المرمى**) ، هەموو هێڵەکان دەبێت پانییەکەی (٨) سم بێت ، وە یاریگا دابەش دەکرێت بە دوو نیوەی یەکسان بەهۆی هێڵی ناوەڕاستەوە لە ناوەراستی یاریگادا بازنەیەک کە نیوەتیرەکەی (٣) مەترە بە دەوری هێڵی ناوەراستەوە دەکێشرێت ، وە ئەو هێڵانەی کە ناوچەیەک دیاری دەکەن دەکەونە ناو ئەو ناوچەی کەوا دیاری دەکەن.



## ٣- ناوچەی سزا ( منطقة الجزاء ) : The penalty area

ناوچەی سزا لە هەردوو کۆتایی یاریگا دیاری دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

چارەگە بازنەیەک (ربع الدائرە) کە نیوەتیرەکەی (٦) م بێت لەلێواری دەرەوەی هەردوو ئەستوونی گۆڵ لەسەر هێڵی کۆتایی بۆ ناو یاریگا وێنە دەکرێت، ئینجا بە هێڵێک کە درێژیەکەی (٣،١٦) م بێت بە شێوەیەکی تەریب لەگەڵ هێڵی گۆڵ دەگەیەندرێتە یەک.



## ٤-خاڵی سزا : The penalty mark

خاڵی سزا لە دووری (٦) مەتر لە ناوەراستی گۆڵ لەسەر هێڵی ناوچەی سزا دەکێشرێت.

## ٥- خاڵی سزای دووەم : The second penalty mark

لە دووری (١٠) مەتر لە ناوەراستی گۆڵ لەناو یاریگا دەکێشرێت.




## ٦- کەوانەی گۆشە : The corner arc

لەهەرچوار گۆشەی یاریگا کەوانەیەک دروست دەکرێت بۆ ناو یاریگا کەوا نیوەتیرەکەی (٢٥) سم بێت.



## ٧- گۆڵەکان : Goals


هەردوو گۆڵەکان لە ناوەراستی هەریەک لە هێڵەکانی کۆتایی دادەنرێت کە درێژی گۆڵەکە (٣) مەترە وە بەرزیەکەی (٢) مەترە وە پانی ئەستوونەکان (٨سم) ە. دەبێت رەنگی گۆڵەکان جیاواز بێت لەگەل رەنگی رروکەشی یاریگا.




## ٨- ناوچەی گۆرینی یاریزان : The substitution zones

ناوچەی گۆرینی یاریزان دەکەوێتە لای شوێنی دانیشتنی یاریزانانی یەدەگەکان لە ناوەراستی یاریگا ناوچەیەک بە دووری (٥) مەتر هەیە و ، ئەو ناوچەیە کە راستەوخۆ دەکەوێتە پێش مێزی ناوبژیوان بە بەتاڵی دەمێنێتەوە. وە لە کۆتاییەکانی هەردوولا ناوچەیەک بە دووری (٥) مەتر هەیە دەکەوێتە پێش شوێنی دانیشتنی یاریزانە یەدەگەکان بۆ گۆرینی یاریزانان کە لە کۆتایی هەرلایەک هێڵێک بە پانی (٨) سم وە درێژیەکەی (٨٠) سم دەکێشرێت کە (٤٠) سم دەکەوێتە دەرەوەی یاریگا وە (٤٠) سم وە دەکەوێتە ناوەرەی یاریگا.






یاریگەی فوتسال و پێوەرەکانی

## یاسای دووەم / تۆپ:- The Ball

چۆنیەتی و پێوەرەکان : Qualities and measurements

پێویستە تۆپ بەم شێوەیە بێت:

١- خڕ بێت.

٢- لە پێست یان هەر ماددەیەکی تری گونجاو دروست کرابێ.

٣- چێوەکەی لە (٦٢) سم کەمتر نەبێت وە لە (٦٤) سم زیاتر نەبێت.

٤- کێشەکەی لە (٤٠٠) گرام کەمتر نەبێت ، وە لە (٤٤٠) گرام زیاتر نەبێت لە کاتی دەست پێکردنی یاری.

## چۆنیەتی گۆڕینی تۆپ لە کاتی یارییدا : Replacement of a defective ball

١- وەستاندنی یاری.

٢- یاریەکە دەست پێ دەکرێتەوە بە بەردانەوەی تۆپەکە لەو شوێنەی یارییەکەی تێدا وەستێنراوە.

چۆنیەتی گۆڕینی تۆپ لە دەرەوەی یاری (لێدانی سە رەتا،لێدانی گۆل،لێدانی ڕاستەوخۆ،لێدانی سزا)

١- لێدانەکە دووبارە دەکرێتەوە بە پێ ی یاسا.

٢-

**تێبینی//** نابێت تۆپ بگۆردرێت لە کاتی یاری بەبێ ڕەزامەندی ناوبژێوان.









## یاسای سێیەم / ژمارەی یاریزانان :- The Number of Players

### یاریزانان : Players

- یاری لە نێوان دوو تیپ ئەنجام دەدرێت هەر یەك لەو تیپانە نابێ ژمارەی یاریزانەکانیان لە (٥) پێنج یاریزان زیاتر بێت یەکێ لەوانە گۆڵچی دەبێت.
- یاری دەست پێ ناکات ئەگەر هەریەك لەم تیپانە ژمارەی لە سێ یاریزان کەمتر بێت.



### چۆنیەتی گۆرینی یاریزان:- Substitution procedure

ژمارەی گۆرین لە کاتی یاری دیاری نەکراوە ، ئەگەر یاریزان گۆرا یان لە یاری هاتە دەرەوە دەتوانێت بچێتە ژوورەوە لە شوێنی یاریزانێکی تر.

دەتوانرێت یاریزان بگۆردرێت ئەگەر هاتوو تۆپ لە یاری دا بوو یان راوەستاو بوو وە پێویستە رەچاوی ئەم خالأنە بکرێت:

١- لەکاتی گۆرینی یاریزان پێویستە لە شوێنی گۆرینی یاریزانانی تایبەت بە تیپەکەی خۆی بگۆردرێت. وە نابێت یاریزان بچێتە ژوورەوە تاکو یاریزانەکە لە هێلی لا بە تەواوی نەیەتە دەرەوە.

٢- یاریزانە یەدەگەکان دەبێت پابەندبن بە گشت بریارەکان و فەرمانەکانی ناوبژیوان.

٣- گۆلچی دەتوانێت لەگەڵ هەر یاریزانێکی تر شوێنی خۆی بگۆرێتەوە.

### سەرپێچیەکان و سزاکان:- Infringements and sanctions

ئەگەر یاریزانێکی یەدەگ چووە ناو یاریگا پێش ئەوەی یاریزانی گۆراو بێتە دەرەوە ئەم خالأنە جێ بەجێ دەکرێت:

١- راگرتنی یاری (بەلەبەر چاوگرتنی هەلی سودوەرگرتن ئەگەر هەبوو).

٢- ناوبژیوان ئاگاداری دەکاتەوە بە کارتی زەرد وەفەرمانی پێدەکات بچێتە دەرەوەی یاریگا، یارییەکەدەست پێدەکاتەوە بەلێدانی نا راستەوخۆ بۆ تیپی بەرامبەرلە شوێنی وەستانی تۆپەکە وە ئەگەر تۆپەکە لە ناو ناوچەی سزا بوو لێدانەکە لەسەر هێلی ناوچەی سزا جێ بەجێ بە جێ دەکرێت.

لە کاتی گۆرینی یاریزان ئەگەر لە شوێنی دیاریکراو یاریزان نەچووە دەرەوە یان ژوورەوە ئەم خالأنە جێ بەجێ دەکرێت:

١- راگرتنی یاری.

٢- ئاگادارکردنەوەی یاریزان بە کارتی زەرد.

٣- دەست پێ کردنەوەی یارییەکە بە لێدانی ناراستەوخۆ لە شوێنی تۆپەکە کاتی وەستانی یارییەکە وە ئەگەر تۆپەکە لە ناو ناوچەی سزا بوو لێدانەکە لەسەر هێلی ناوچەی سزا جێ بە جێ دەکرێت.

### یاسای چوارەم / کەل و پەلی یاریزانان:- The Players' Equipment

پێویستە یاریزان هیچ کەرستەیەک بەکارنەهێنێ و یاخود لەبەر نەکا کە زیان بەخۆی و یاریزانێکی تر بگەیەنێ (بەگشتی جۆرەکانی خشلّ دەگرێتەوە)

یاریزان پێویستە ئەم کەل و پەلانە بە زۆر بەکاربهێنێ:

١- فانیلە یان کراس ، ئەگەر لەژێر فانیلە هەر شتێك لەبەر بکات دەبێت لە رەنگی فانیلەکە بێت.

٢- دەرپێ- شۆرت ، ئەگەر لەژێر شۆرت هەر شتێك لەبەر بکات دەبێت لە رەنگی شۆرتە کە بێت.

٣- گۆرەوی.

٤- ئامرازی پاراستنی هەردوو قاچ (واقیات).

٥- پێڵاوی یاری کردن دروست کرا بێت لە قوماش یان پێستێکی نەرم یان پێڵاوی جمناستیك.

**ئامرازی پاراستنی قاچەکان (واقیات): Shinguards**

أ- پێویستە بە تەواوی بە گۆرەوی داپۆشرێت.

ب- لە ماددەیەکی گونجاو دروست کرابێت (مطاط یان پلاستیك یان هەر ماددەیەکی گونجاو).

**ڕەنگەکان: Colours**

١- دەبێت هەردوو تیپ ڕەنگی والەبەر بکەن کە لە یەکتری جیاببنەوە وە هەروەها جیاواز بێت لە گەڵ ڕەنگی ناوبژیوانان و یاریدەدەرانی ناوبژیوان.

٢- پێویستە ڕەنگی فانیلەی گۆڵچی جیاواز بێت لەگەڵ : یاریزانەکانی تر ، ناوبژیوانان ، یاریدەدەرانی ناوبژیوان.

**١- ژمارەی یاریزانەکان: Numbering of the players**

یاسای پێشبڕکێکان دەبێت ژمارەی یاریزانەکان دیاری بکات کە هەمیشە لە ژمارە (١ تاکو ١٥) دەبێت وە ژمارە (١) تایبەت دەبێت بۆ گۆڵچی.

ڕێکخەری یالەوانیەتیەکان دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکەن کە زۆر ئەستەمە ناوبژیوان بتوانێت ئاماژە بەژمارەیەك بکات لە (١٥) گەورەتر بێت.

ژمارەی هەریەك لە یاریزانەکان دەبێت دیار بێت لە سەر پشتی وە دەبێت جیاواز بێت لە گەڵ ڕەنگی سەرەکی فانیلەکەی، یاسای پێشبڕکێکان دەبێت قەبارەی ژمارەکان لەسەر فانیلە دیاری بکات وەهەروەها قەبارەیان لەسەر کەل وپەلەکانی تری یاریزانان.




کەل وپەلە سەرەکیەکانی یاریزان

## یاسای پێنجەم/ ناوبژیوانان :- The Referees

### دەسەلاتی ناوبژیوانان :- The authority of the referees

هەموو یارییەك بەڕێوە دەچێت لە ڕێگای دوو ناوبژیوان کە دەسەلاتی تەواویان هەیە بۆ جێ بەجێکردنی گشت بەندەکانی یاسای یاری کە پەیوەندی بە یارییەوە هەیە کە هەڵدەبژێردرێن بۆ بەڕێوەبردنی لە ساتی چوونە ناو یاریگا تا وەکو دەرچوونیان تێیدا.


### دەسەلاتەکان و ئەرکەکان:- Powers and duties

### ناوبژیوانان :-

- یاسای یاری فوتسال لەیاریەکە جێ بەجێ دەکات.
- یاری کۆنترۆل دەکات بە هاوکاری لە گەل یاریدەدەرانی ناوبژیوان کاتێك پێویست دەبێت.
- دلنیا دەبێت کەوا ئەوتۆپانە بەکاردێن لەیاری بەگوێرەی برگەکانی یاسای دووەمە.
- دلنیا دەبێت کەوا کەل وپەلی یاریزانان بە گوێرە برگەکانی یاسای سێ یەمە.
- ڕووداوەکانی یاری تۆماردەکات.
- یاری دەوەستێنێ بە بۆچوونی خۆی لە هەر سەرپێچی کردنێك لەیاسای یاری.
- یاری دەوەستێنێ لە هەر جۆرە دەستێوەردانێکی دەرەکی.
- ڕاپۆرتێك پێشکەش بە لێژنەی سەرپەرشتی دەکات کە هەموو زانیاری و ڕووداو و سزاکانی دژ بە یاریزان و ئەندامەکانی کارگێری تیپ و گشت هەر ڕووداوێکی تر کە ڕوویدا بێت لە خۆ دەگرێت لە پێش وە لە کاتی وە لەدوای یاری.
- یاری دەوەستێنێ ، بەبۆچوونی خۆی، ئەگەر یاریزانێك تووشی پێکانێکی توندبوو، وەدلنیا دەبێت لە گوستنەوەی لە ناو یاریگا،یاریزانی پێکاو بۆی هەیە بگەڕێتەوەناو یاریگا تەنها دوای دەستپێکردنەوە یاری.
- ڕێگا دەدات یاری بەردەوام بێت تا تۆپ دەکەوێتە دەرەوەی یاری ئەگەر یاریزانێك ، بەبۆچوونی خۆی تووشی پێکانێکی سوك بووە.
- ڕێگا دەدات یاری بەردەوام بێت کاتێك دەبینێت ئەو تیپەی یەك لە هەڵەکان دژی ئەنجامدراوە ، سود وەردەگرێت لە پێدانی ئەم هەڵە ، وە هەستان بە سزادانی سەرپێچی سەرەکی ئەگەر هاتوو سودەکە وە دەست نەهات لە پێدانی هەڵەکە لەو کاتدا.
- سزای ئەوهەلەیە دەدات کە توندترو ترسناکترە ئەگەر هاتوو یاریزانێك لە یەك کاتدا زیاتر لە هەلەیەك ئەنجام بدات.
- سزای ئەوکارەنارەوشتیە دەدات کە توندترو نابەجێ ترە ئەگەر هاتوو یاریزانێك لە یەك کاتدا زیاتر لە یەك کاری بەدرەوشتی ئەنجام بدات.




پێدانی هەلی سوودوەرگرتن دوای هەڵەی کەتەکێو



Four-second count (1)
ژماردنی چوار چرکە - 1


Four-second count (2)
ژماردنی چوار چرکە - 2



هەڵەی کەتەکێبوو دوای پێدانی هەلی سوودوەرگرتن 1
هەڵەی کەتەکێبوو دوای پێدانی هەلی سوودوەرگرتن 2



پێدانی هەلی سوودوەرگرتن دوای هەڵەیەک کە کەتەکێبوو نەبێت



هەڵەی کەتەکێبوو دوای جێبەجێکردنی هەلی سوودوەرگرتن 3
هەڵەی کەتەکێبوو دوای جێبەجێکردنی هەلی سوودوەرگرتن 4



ئاگادارکردنەوە - کارتی زەرد



دەرکردن - کارتی سور

